

سەلام محەمەد

# باغی غەریبان

لێرە لە سوید
باغێکی گەورەم هەیە
ناوی باغی غەریبانە
گوڵەکانی ئاسایی نین
رەنگەکانی ئاسایی نین
لە چەند بەشێکی جیاواز و یەکگرتوودا پێکهاتوون
لای پێشەوەی یەک پارچە نێرگزەجارِ و گوڵە شیعری بیرەوەرین
بەڵام بەشەکانی تری
بۆ نموونە
پڕن لە
گوڵە ئاواز و
گوڵە ماچ و
بۆن و بەرامەی زۆر شیرین
گوڵی تابلۆکان هەریەکە



داستانێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایین
سێ چوار تابلۆیان بەگشتی شەرحی غوربەتەکەی نالین
ئازارەکان دانە دانە
خۆیان بوونەتە ئینجانە
هەریەکە گوڵە خەمێکی بە لێواردا شۆڕبووەتەوە
لەوێ
سەید عەلی ئەسغەر
مەزهەری خالقی
عەلی مەردان
بەهجەت یەحیا و زۆری تریش
پۆل پۆل بەدەم سەمای مەرگ و ژیانەوە
مەشقی گۆرانی نوێ دەکەن
ئا ئەو گوڵە یاقووتییەش کە شمشاڵیان بۆ لێدەدات
مۆزارت نییە و قالەمەڕەکەی خۆمانە
لە ناوەندی باغەکەمدا
کتێبخانەیەکی بچووک
وەک کولێرەی تازە برژاو
هەڵمی هەناسەی کتێبی گڕ تێبەربووی لێ هەڵدەستێت
پڕە لە
رۆمان و
شیعر و
کورتە چیرۆک
کە هێشتا نەنووسراون
نەغمەیەکی ئەوەندە بەکوڵ و سۆزیان لێوە دەڕژێت
ئەگەر هێزی دەربڕینی گشت زمانەکانی دنیا کۆکەینەوە
لەو نەغمەیە تێ ناگەن



توانای وەسفی زەخرەفەی نۆتەیان نییە
ئەو گوڵە نەغمە جوانانە
هەندێکیان لە گوڵەکانی ژێر ئاوی ئۆقیانووس دەچن
هەندێکیانیش گوڵی کەوکەبێکی ترن
بە ئاسمانەوە لە شێوەی گوڵە ئەستێرەی پایزان
کەوتوونەتە ناو باغەکەم
***
لێرە لە سوید
باغێکی گەورەم هەیە
تەنیا خۆمیش باغەوانیم
هەر خۆم دەزانم چۆن و کەی گوڵاڵەکانی ئاو دەدەم
بە تەنیاش خۆم
بۆنی خونچە و عەترەکانیان دەناسمەوە
لە ناویاندا دوانیان رووناکی و تریفەی وشەکانیان
شەپۆلی تیشک دەهاوێژن
پڕشنگ و بریقەی شەوقیان بەجۆرێک دەدرەوشێتەوە
بووەتە جەژنی هەزاران پەپوولەی
زەرد و
سەوز و
شین
ئەو دوو گوڵە سوور و سپین
سوورەکەیان دڵی مەسعوود محەمەدە
سپییەکەشیان
سەر و ریشی موبارەکی مەلا شوکور مستەفایە
***
لێرە لە سوید
باغێکی گەورەم هەیە



پڕە لە گوڵی جۆراوجۆر
هەر گوڵە و ناوی خۆی هەیە
هیچیان لەوەکەی تر ناچێت
گوڵە شەونم
گوڵە بەفر
گوڵە ئاخ
گوڵە داخ
گوڵە ناخ
لە سەرەتاوە ئەم باغە
رووبەرەکەی تەنیا چوار پێنج مەترێک دەبوو
بەڵام پاش حەڤدە ساڵ دووری لە کوردستان
ئێستا زۆربەی زەویەکانی دەورووبەری گرتووەتەوە
ناچار دەبێ بەردەوام و بێ پشوودان
بە دیاریەوە ئێشک بگرم
هەتا دەمەو ئێوارانێک
بەدەم ئاودانی گوڵەوە لێرە دەمرم

